www.kurdistannet.org
15-11-2005 16:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# فیرعەوناوە... عەلی مەحمود محەمەد

لە شاری هەڵمەت و قوربانی، شارەکەی خاڵە شهاب و شەهید ئارام و کاکەی فەلاح، هەزاران هەزار تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری هەژاران و چەوساوەکانی کوردستان، هەر لە چلەکانەوە بۆ ئەمڕۆ، ئێستا گەڕەکێك دروستکراوە بەناوی فیرعەوناوە، نازانم ئەو گەڕەکە بەرهەمی تێکۆشانی ئەوانە؟ یان هەقی فرشتنی خەبات و تێکۆشان و خوێنییانە؟.

پارساڵ چوومە سلێمانی، نەك هیچ هاوبەشییەکم نەبینی لە نێوان سلێمانی و دوبەی و هۆنگ کۆنگ، بەڵگە گەیشتمە ئەو باوەڕەی، ئەگەر سەلیقەو زەوق و هوشیاری خۆشەویستی خەڵکی شارە حەیاتەکە، بۆ شارەکەیان نەبێت، لە سایەی دەسەڵاتی کوردیدا کراوە بە کابول.

هەرچەند چاوم گڕدا، شتێکم نەبینی تازە دروست کرابێت جگە لە خانوو و ئاپارتمانی بەرپرسان، ئەگەر جڕەی جەرەسی مۆبایل بە دەسکەوت دەزانن، ئەوا کابولیش فولە.

لەم ڕۆژانە برادەرێك لە سلێمانی گەڕاوەتەوە وتی: گەڕەکێك دروستکراوە لە شاری سولەیمانی بە ناوی فیرعەوناوە، بەڕاستی پێم ناخۆش بوو. لەبەر ئەوە نا، ئەمە بەرپەرچ دانەوەو و پێچەوانەی وتەکەی مامەی هیژامانە (مام جەلال) کە وتی: بەرەو خانییە قوڕەکان. بەڵکە ئەمەم بە ئیهانە زانی بۆ خودی وشەی فیرعەون. ئاخر ئیسلام 14 سەدەیە جگە لە جەنگ و تاڵان و کوشتن و بڕۆ و بە کۆیلەکردن، هیچ دیارییەکی دیکەیان بۆ مرۆڤایەتی پێ نەبووە، ئەوانن ناوی فیرعەونیان ناشرین کرد لای هەمووان، بەبێ ئەوەی بزانن، فیرعەون ناوی تاکێکی دیاریکراو نییە، بەڵکە پلەیەکی سیاسییە، بۆ ماوەی هەزاران ساڵ لە دەسەڵاتدارانی میسر نراوە، پیاو باش و دکتاتۆر، خوێن ڕێژ و عاشق، زیرەك و دەبەنگ، دانا و بێ ئەقڵیان تێدا بووە.

فیرعەونانێك گەورەترین شارستانیەتیان لە مێژووی جیهاندا بۆ مۆڤایەتی بنیات نابێت، هەندێکیان لە بنەچەوە باوەڕییان بە داگیر کردنی وڵاتان نەبوبێت، کەسانی وەك ئەخنانتونیان تێدا هەڵکەوتبێت، داهێنەری یەکتا پەرستی و باوەڕی بە یەکسانی مرۆڤایەتی هەبوبێت، توخوا تاوان نییە، ئەم ناوە بەرزە وا ناشرین بکرێت، ئێستا لە کوردستانیش لەم قەزمانە خەسار بکرێت.

تەنها لەبەر ئەوەی خانوی ئەو گەڕەکە، لە قەبارەو بەرزییدا، لە ڕازاندنەوەو هەیبەتدا، لە ژمارەی پاسەوان و کارەکەردا، لە جارییەو سەماکەری شەواندا، لە ژمارەی کۆیلەو کاروانی کەژاوەدا، وەك ئەهرامەکان میسر بێت، ناو بنرێت بە فیرعەوناوە، ئەمەیە تاوانی گەورە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی.

ئێستا بەلای ئێوەشەوە، تاوان نییە بەراورد لە نێوان فیرعەون و ئەم بۆرژوادزانەی کوردەواری بکرێت؟.

ئەهلی فیرعەوناوەی سلێمانی، جگە لە گوو و چاندنی تۆوی دزی و گەندەڵی و داوێن پیسی، چ بەرهەمێکی دیکەیان بۆ کوردستانەکەو شارەکەیان بووە؟؟. ئەوە عەرز و ئەوە گەز، بە دۆکۆمێنت وێنەکەیمان پێ نیشان بدەن؟.